# بانگەواز

## بەڕیزان : نوێنەرانی پارت و رێکخراوە کوردستانیەکان لە وڵاتی نەرویج، نوێنەرانی راگەیاندنەکان و رۆژنامەنووسان

هەروەک ئاگادارن حکومەتی نەرویج هەڵمەتێکی فراوانی بۆ دەرکردن و ناردنەوەی پەنابەرانی کورد دەستپێکردوە ، بەتایبەتیش کوردانی باشوور. بەر لەچەند رۆژێک وزۆر بە نهێنی و دوور لەچاوی مێدیاکان 30 کەس پەلپێچ کران و برانە فڕۆکەخانەو رەوانەی بەغدا کران. خۆشبەختانە توانیمان هەندێک لە راگەیاندنەکان ئاگادار بکەینەوەو نەهێڵین ئەو کارە نامرۆڤانەیە دیزە بە دەرخۆنە بکرێت. پاساوی حکومەتی نەرویج بۆ بەشێک لەوانە ئەوەیە کە تاوانکار بوون . ئێمەش لەگەڵ ئەوەین کە هەموو تاوانکارێک سزا بدرێت، بەڵام زۆربەی زۆری ئەوانەی دەرئەکرێن هیچ تاوانێکیان نەکردووە..! وەك باس ئەکرێت و چاوەڕێ ئەکرێت، نزیکەی 3000 کورد لەژێر رەحمەتی پەلاماردان و ناردنەوەدان. بێدەنگی ئێمەو بێ هەڵوێستیمان لە بەرامبەر ئەم رەفتارەی حکومەتی نەرویجدا زۆر لەسەرمان ئەکەوێت و کاریگەریی دواتریشی لەسەر ئەوانە ئەبێت کە لەم وڵاتەدا ئەمێننەوە. لێرەوە بە پێویستی ئەزانین کە کۆبوونەوەیەک بکەین و وتووێژو دیالۆگ لەسەر چۆنێتی هەڵوێستگرتنێکی شارستانیانە سەبارەت بەم ئاکارەی دەوڵەتی نەرویج بەڕێوەبەرین. داواو تکاتان لێ ئەکەین کە نوێنەرانی خۆتان بنێرن بۆ بەشداریکردن لەم کۆبوونەوەیە. هەڵوێستگرتن لەهەمبەر دۆزێکی ئاوا، سەرەڕای ئەوەی کە ئەرکێکی سەرەکی پارت و رێکخراوەکانە، لەهەمان کاتیشا ئەرکێکی مرۆڤانەو مرۆڤدۆستانەیە. مێژوو لێمان نابووری گەر ئێمە بەرامبەر ئازار و مەینەتیی منداڵ و ژن و لاوانی گەلەکەمان بێدەنگ بین و لێگەڕێین لە ئاوارەییشدا زوڵمیان لێبکرێت.

رێزی زۆرمان بۆ هەموولایەک

چاودێری کوردۆساید ـ چاک

کۆمیتەی موفەکان

رۆژ : یەکشەمە 13.12.2009

کات : 16:00

شوێن : osterhausgt. 27, 4 etg.